جامی ئاسیای خوار تەمەن 23 ساڵ.. هەبژاردەی نیشتمانی گەیشتە قۆناغی پێش کۆتایی

لە جامی ئاسیای خوار تەمەن 23 ساڵ هەبژاردەی نیشتمانی بە گۆڵکی عەلی جاسم گەیشتە قۆناغی پێش کۆتایی.

لە یارییەکی قۆناغی چارەکی جامی ئاسیای خوار تەمەن 23 ساڵ، هەبژرادەی عێراق و ڤێتنام بەرامبەر یەکتر یارییان کرد.

گەمی یەکەم، شەرکانی رافیدەین بەهەزتر و خەراتر یاریان دەکرد بەڵام هیچ گۆڵک تەمارنەکرد.

لە گەمی دووەمدا، عێراقییەکان بەردەوامبوون لە ئاست بەرزی و فشار و پەستانەکانیان تا لە خولەکی 64 عەلی جاسم بە لەدانی سزا شەرەکانی رافیدەینی پەشخست، دواتریش لە 11 خولەکی کۆتایی کاتی زیادکراویش رێزا فازیل لەدانەکی سزای لە بەرژەوەندی عێراق لە دەستدا.

سەرەنجام عێراق بەو تاکە گۆڵەی عەلی جاسم بردنەوەی بەدەستهێنا و گەیشتە قۆناغی پێش کۆتایی پاڵەوانێتییەکە